www.kurdistannet.org
27-7-2006 15:39بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**خه وون ... دلشاد**

**دوێنێ شه وێ له خه ونما**
**وه ک باجه لان**
**ئه و به ده وری جیهان دابوو**
**گه ڕانی من هه رله ده وره ی کوردوستان بوو**
**چومه هه ولێرله دووره وه**
**مناره که ی شێخی چۆڵی**
**جشداشه ک و عه گالێکی**
**له سه رنابوو**
**له سه رقه ڵاو له بن قه ڵا**
**ئاپۆره بوو هه رچی هه رچی و په رچی**
**هه بوو**
**قۆچانێکی عوسمانییان**
**له ده ست دابوو**
**ئه ربیل یه کان**
**یه کێک له وان**
**کاک ئه سعه دی ئه رییللی بوو**
**هه ر ئه یشیراند**
**ئه یوت ئه من زۆر ئازامه**
**له ناو په رله مانی کوردی**
**شوتنمه وه**
**نه یان وێرا فزه بکه ن**
**هاواریان بوو ئه یان قیراند**
**دۆغره مه چی دۆغره مه چی**
**بۆ ده ره وه بۆ ده ره وه**
**نامانه وێ کرمانج چییه تی**
**له بازاڕی شێخه ڵاکه**
**ده نگی گوڵه به رۆژه فرۆش**
**کپ کرابوو**
**گوێم له.. یه ڵا باگله بوو**
**هه ندێ پێ په ت هه ندێ**
**نه عله ی ئسفه نجیان له پێ دابوو**
**ژنی چه نه گه کوتراو**
**مناڵانیان به قوون ڕووتی**
**له کۆڵ دابوو**
**له خه وما بوو**
**هه ستم ئه کرد**
**به م دیمه نه**
**هه مو گیانم**

له نوقمی ئاره قه دا بوو
به ره و شاری سلێمانی چوم
په یکه ره که ی شێخ حه فیدم
ته خت بووبوو
له ناو ته کیه وخانه قاکه ی
بار خانه یێ
دروست بووبوو
له هه رسه ره سعاته کانه
ده نگی زه نگی که نیسه بوو
چوار ژنم دیت
عه ره ب. تورک. فارس. انگلیز
هه ر یه کێکیان ئه یوت ئه من حه بیبه مه
ناڵی ده نگی لێوه نه هات
چومه شاری حاجی قادر
لێ ی نووسرابوو
حج قدوری
له شاره که ی ڕاپه ڕینا
کێوه ڕه ش به جبل اسود
ناو نرابوو
گه روا بڕوات خه ویش نه بێ
وا ده رئه چێ
تۆ هه ڵه بجه
نمایشی مه رگه ساتی
به شی دوهه م
به ڕێوه یه
حاڵمان وابێ
کلاش دروست مه که ن
خۆتان فێری دروست کردنی
ددانی زێڕ پێست کوتان و
قاوه ی تاڵ که ن
تۆ پرده که ی ده لال زاخۆ
که مالیه کان به چه قه نه
لێدانێکا
گه یشتنه لات.
ئیتر منیش
به هاواری بۆ ئه یفرۆشن
له خه وڕابووم
باوکم ووتی ووسبه کوڕم
وا مشته ری خانوه که مان

**هاتوه بیکرێ**
**سه رم بلّند کرد**
**له سه رسه رم**
**له ناو لینگی جشداشه یێ**
**گوونی ڕه شی برای عه ره بێکم**
**به دی کرد.**

**سویسرا** 06/7/20